# دیپۆرت کردنی پەنابەرانی کورد دەستی یەکیتی و پارتی لە پیشتەوەیە..!

**دانا موحەمەد عەلی**
Danaali20032003@yahoo.com

ماوەیەکە حکومەتی بەریتانیا بەهۆی دەزگای پۆلیس و دەزگاکانی تری بەرپرس لە کاروباری پەنابەران دەستیان کردوە بە تاقیب کردن و بە دوادا چون و دەستگیر کردن و زیندان کردنی پەنابەرانی کورد و پاشان هەول دان بۆ دیپۆرت کردنەوەیان بۆ کوردستان.تا ئیستا ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەریان لە شارەکان زیندانی کردووەو ئەمەش وەزعیکی نەفسی خراپی لەسەر پەنابەران داناوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی پەنابەران هەولی خۆکوشتن بدەن .هەورەک ماوەیەک لەمەوبەر پەنابەریک خۆی کوشت بەهۆی قەبول نەبوون و ترسی دیپۆرت کردنەوە.

دیارە لەم بارەیەوە پەنابەران بەهۆی ئەو وەزعە سەختەی هەیانە لە بیٚ ئومیدی و چاوەروانی و بیکاری و نەبونی و دوور لە کەس و کاری ئازیزیان خود بەخود لەباریکی نەفسی خراپدان . ئیستاش ئەم فشارە زیاتر بووە لەسەریان و بۆیە ئەگەری ئەوە زیاتر هەیە گویٚبیستی هەوالی دلٚتەزینی زیاتر بین.

ئەم وەزعەی ئەمرۆ توشی پەنابەرانی کورد بووە لە ئاستی جیهان بە تایبەتی لە بەریتانیا وەزعیک نی یە خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بۆ خۆیان هەلبژاردبیٚت ئەگەر بە روالەت وا دیارە کە خۆیان ئەم ریگەیەیان هەلبژاردووە بەلام ئەم هەلبژاردنە روالەتی یە لە چوارچیٚوەی ئەو هەلو مەرجەدایە کە لە کوردستاندا بەسەر هەموو لایەک فەرز کراوە.

هیچ مرۆڤیک نی یە لە ناخەوە ئارەزووی ئەوەی هەبیٚت کە ریگای سەختی پەنابەری بگریتە بەرو کەس و کاری ئازیزی خۆی بەجی بیٚلی و ریگای ی هیوای هەلبژیری.بەلام وەختیک مرۆڤ ناچار دەکریٚت لە هەلو مەرجیکی سەخت لە وولاتی خۆی ژیان بەسەر بەریت و هیچ ئاسۆیەکی رونی نەبیت بۆ ژیان لە وولاتەی تیادا لەداک بووە ئیتر ناچارە ریگایەکی تر بگریتە بەر بە هیوای ژیانیکی ئاسودەتر.

دیارە بی گومان ئەو وەزعەش کە ئەمرۆ لە کودستان بەدی هاتووە کە بۆتە دۆزەخ بۆ ملیۆنان کەس و بۆتە بەهەشتیش بۆ کەسانیک لە سەرەوەی دەسەلات دانیشتون هە ئەو وەزعەیە وای کردووە هەزاران کەس ئەو وولاتە بەجی بیلی.

ئەمرۆ بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار یەکیتی و پارتی کە سەروەت و سامانی هەموو کوردستانیان هەلوشیوەو هەمو شیتک بۆ ئەوان فەراهەمە و زۆربەی خەلکیش لەوپەری ژیانیکی سەختدا دەژین ئیتر بۆیە خەلک ناچارە ژیر دەستەیی پارتی و یەکیتی قەبول نەکات نارەزایەتی دەربریت بۆ خواستەکانیان.

تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بە دیعایەی پارتی و یەکیتی خۆیان ئەوان پییان وایە کودستانیان بۆ خەلکی کردوە بە بەهەشت دیارە ئەوان لە روانگەی خۆیانەوەو جیگەو ریگەی خۆیان دەروانن بۆ وەزعەکە بۆیە هەمیشە لە پروپاگەندە کردنن بۆ خۆیان و بۆ وەزعەکە.رۆژانە پروپاگەندە دەکەن کە خەلکی کوردستان بەهرەمەندن لە ئازادی و دیموکراسی .بەلام شەری چەند سالی نیوان خۆیان لەسەر دەسەلاتی سیاسی و لەسەر دزی و فزی و لوش کردنی سەروەت و سامانی کوردستان کافی یە بۆ ئەوەی ئەو دیعایانەیان بە درۆ بخریتەوە.

هاوکات خەلکی کوردستانیش بە تایبەتی لاوان نەیان توانیوە ئو وەعە قەبول بکەن لەم دوو حزبەو هەمیشە نارەزایەتیان دەربیوە ئیتر چ بە رەخنە گرتن و ریسوا کردن و هەلدانەوەی دزی و فزی یەکانیان بیت یاخود بە نارەزایەتی بە کردووە لەبەرانبەریان بۆ بەدەس هینانی مافە سیاسی و کومەلایەتی و ئابوری یەکانیان.

یەکیتی و پارتیش لەبەرانبەر ئەو رەخنەو نارەزایەتیانەی خەلک دەستی بردووە بۆ سەرکوت و زیاندنی و تەقە کردن لە خەلک.

لەم چەند سالە دەیان کەس بەهۆی نارەزایەتی دەربینوە لەبەرابنەر ئەمانە کوژراون و بە سەدان کەس زیندانی کراون.باشترین نمونە نارەزایەتی یەکانی سالی رابردووی خەلکی سلیمانی و هەلەبجەو شارۆچکەکانی تر بوو کە یەکیتی لە جیاتی وەلام دانەوە بە خواستەکانی خەلک تەقی لیان کردن و چەند کەسیان کوشت و دەیان کەسیشیان زیندانی کرد.

**هەلبەت یەکیتی و پارتی زۆر ریگای بەکار هینانەوە بۆ سەرکوتی خەلک تا خەلک لەبەرانبەر ئەو وەزعە بی دەنک بیت .یەکیتی و پارتی و دەزگا جاسوسی یەکانیان لە ئاسایش و پاراستن و دەزگای زانیاری کاتیک بزانن خەلکی رۆشنبیر وسیاسی رەخنە بگرن لییان و سکاندالەکانیان هەلدەنەوە ئەوە هەولیان داوە کەیسی درۆ دروست بکەن بۆ ئەو کەسانە تا بە حیسابی خۆیان لە ریگای دادگاو یاساوە سزایان بدەن هەمو ئەمەش بۆ بی دەنگ کردنی خەلکی نارازی یە.**

**نمونەی لەو جۆرە زۆرن کە یەکیتی و پارتی خەلکی نوسەرو رۆشنبیریان داوە بە دادگا وەک کەمالی سەید قادر و دەیان کەسی تر لە سەرنوسەر و رۆژنامە نوسەکان و لە هەلسوراوانی سیاسی.**

**ئیستاش کە بەر پرسانی حکومەتی بەریتانیا دەستیان کردووە بە گرتن و زیندانی کردنی پەنابەران و تەنانەت ژمارەیەکیان لە چەند مانگ لەمەوبەر دیپۆرت کردەوە خۆیان داننیان ناوە بەوەدا کە حکومەتی بەریتانیا لەگەل بەرپرسانی حکومەتی پارتی و یەکیتی ریک کەوتوە بۆ ناردنەوەی پەنابەران.بەلام بەرپرسانی ئەو دوو حزبە حاشا لەوە دەکەن کە ئەم دیپۆرت کردنەوەیە دەستی ئەوانی تیا بیت .بەلام ئەم درۆ و دیعایەیەشیان بۆ ناچیتە سەر و رۆژیک بە بەلگەوە خەلکی ئەو ریکەتنەی ئەم دەسەلاتدارانە کەشف دەکەن کە بە چ شیوەیەک ریک کەوتون .چونکە پارتی و یەکیتی هەمیشە ئەوە پیشەیانە کە لەگەل هەموو دەولەتیک ریک بکەون لەسەر حیسابی خەلکی کوردستان تەنانەت ئەم دەسەلاتەش کە ئستا ئەوە 15 سالە هەیانە هەمووی ریککەوتنە لەگەل دەولەتانی جۆارو جۆر و لەسەر حیسابی خەلکی کوردستان .**

**بەلام خۆس بەختانە پەنابەران رۆژ بەر ۆژ زیاتر ناوەرۆکی ئەو دەسەلاتەی ئەوانەی بۆ دەردەکەویت و بۆیە رۆژ بەرۆژ هەم لە دژی دیپۆرت کردن و ریککەوتنی نیوان حکومەتی بەریتانیاو دەسەلاتی بەناو حکومەتی هەریم خۆیان ریک دەخەن و نارەزایەتی دەردەبرن.**

**1 فەبریوەری 2007**